HaDi

# باخچەی ژیان

سەر دەمێک بوو بێ نەغمە بوو باخچەی ژیانم
بێ ورتە بوو ناو هێلانەی بولبولەکانم
لەرەی دەنگی شادمانی و نەشئەم خنکابوو
شەپۆلی بای بەرەو جۆشم مەند راوەستابوو
ناهومێد بووم وام ئەزانی دەردێکە کاری
بەرەوپیری چووم هێناویە دیاری ئێجگاری
چاوەروان بووم سا کەی گەردوون، گەردوونی بێ
باک جانەوەری گۆڕ هان ئەدا بمکاتە خۆراک
بەڵام ئەی یار، یاری نازدار، شۆڕە ژنی شۆخ
بە لێوی ئاڵ، بە چاوی رەش، چاوی رەشی تۆخ
بەم جوانیانە کە زینەتی بەهەشتی دونیان
بەم جوانیانە کە لە تۆدا هەموویان پەیدان
لەو رۆژەوە دیومە سێحری زەردە خەنەی تۆ
دونیای دەروون مەلەکانی هاتوونە وەگۆ
سەرچاوەکەی عومری جوانیم هاتۆتەوە کوڵ
باخچەی ژینم پڕ بۆتەوە لە نەمامی گوڵ